سەید حەکیم جەخت لەسەر پتەوکردنی ئەمنی سیبرانی و پارێزگاری ولات لە هەرشی ئەلکترۆنی دەکات

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هەزکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز مستەفا سەنەد وەزیری پەیوەندییەکان، بۆ ئامادەبوونی سەرکی جێبەجێکاری دەستەی میدیا و گەیاندن بەڕێز بلیف ئەبو گلل.

لە دیدارەکەدا باس لە دۆخی ئەستای کەرتی پەیوەندییەکان و گرنگی کاری یەکگرتوو لە نێوان وەزارەت و کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری، و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکەی بواری ئاگەیاندن و پەیوەندییەکان کرا.

سەید حەکیم جەختی لە گرنگی تەکنەلۆژیای مەدەرن کردەوە لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەکارهێنانی پێگەی ستراتیژی عێراق لەناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، جەختیشی لە پێویستی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و تەواوکردنی پڕۆژەکانی پەیوەست بەو کەرتە و پاڵپشتیکردنی حکومەتە خۆجێییەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان بە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و بەرزکردنەوەی کوالێتییان کردەوە.
هەروەها لەکۆتاییدا تیشکی خستە سەر گرنگی بەهێزکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و پاراستنی عێراق لە هەرشی ئەلیکترۆنی بە هەموو جۆرەکانیەوە...